## نوکتە

- بە کۆمەڵە شێتێکیان گوت کە (٤٠) شێت دەبوون تاوەکو ئاقڵ بن بتوانن بورغییەک لە ئۆتۆمبێلێک لێبکەنەوە بۆ ئەوەی فێری ئیشی پیشەسازی ئۆتۆمبێل بن !!!
شێتەکان خەریکی بورغییەکە بوون و بەم شێوەیە خەریک بوون، یەکێکیان بورغییەکەی گرتبوو، (٣٩) شێتەکەی دیکەش ئۆتۆمبێلەکەیان دەسووراند لە جیاتی ئەوەی بورغیەکە بسووڕێنن!!

- کوڕێک لە باوکی دەپرسێت و دەڵێت، بابە جیاوازی چییە نێوان (قەزاو قەدەر) و (موسیبەت) ؟؟
باوکەکەش نازانێت چۆن بۆی شیبکاتەوە و دەڵێت:
کوڕم ، ئەگەر دایکت بکەوێتە ناو دەریایەک ئەوە (قەزاوقەدەرە)..
ئەگەر دایکت مەلە بزانێت و خۆی ڕزگار بکات ئەوە دەبێتە (موسیبەت)!!

## جۆرە ئاژەڵێکی تازە دۆزرایەوە

لە وڵاتی تایوان ئەم جۆرە ئاژەڵێکیان دۆزییەوە و کە نازانن لە چ جۆرێکە و هیچ ناوێکی نییە چونکە گیندارێکە لە یەکێک لە دارستانەکانی ئەم وڵاتە دۆزراوەتەوە، شێوەیەکی ناشیرینی هەیە و شێوەی لە شێوەی سەگ دەچێت، لووتی بە لووتی بەراز دەچێت..
جەستەی زیاتر بە (تووک)ە و چاوی بچووکە بە چاوی هیچ گیاندارێک ناچێت، جەستەی بچووکە وەک لە جەستەی ڕێوی دەچێت.. گوێچکەکانی گەورەیە وەک گوێچکەی گوێدرێژ، بۆیە ناتوانن هیچ ناوێکی بۆ دابنێن چونکە ناوێکی گونجاوی بۆ نییە تاوەکو لە ڕیز و جۆرەکانی گیاندارانی دیکە، ئەم گیاندارە لە دارستانێک دۆزراوەتەوە و هیچ زیانێکی نییە لەسەر گیاندارانی دیکە..



## بولبلێك

### کاری بەرگدروویی دەکات



بولبلێک لە وڵاتی پەنەما برگدرووە، ئەمە ناونیشانی ئەم بابەتە سەیرەیە کە چەندین شوێنی جیهان بڵاوبۆتەوە، کە بولبولێکی زەردی جوان کە ناوی ناوە (سکیپ) ئیم بولبولە وەک خاوەنەکەی کە خانمێکە بەرگدروویی دەکات..
تەمەنی ئەم بولبولە (٣) ساڵە و لاسایی خاوەنەکی دەکاتەوە لە درووێنی جلوبەرگ و کاری دەستی، بەڵام بولبولەکە بە (دەنووک)ی کارەکە دەکات، ئەم بولبولە خاوەنەکی خۆش دەوێت و هەردەم بەیەکەوەن. ئەمەش دوای (٦) مانگ کە بولبولەکە سەیری دەستی خانمەکەی دەکرد و ڕۆژێکیان خانمەکە ماندوو دەبێت و بولبولەکەش دەرزی دەستی خانمەکە بە دەنووکی هەڵدەگرێت و ئیشەکە تەواو دەکات، دواتر زیاتر بەردەوام دەبێت تاوەکو ئێستا بۆتە یارمەتی دەری خانمەکەی خۆی لە کاتی بەرگدرووێندا..



هەڵبژاردەی ئاخر زەمان





## دوو جمکە منداڵ لە یەکتر جیادەکرێنەوە

فینبۆم و شیفۆبۆ، ئەم دوو جمکە منداڵەن کە لە وڵاتی سەعوودیە، بە نەشتەرگەری لە یەکتر جیاکرانەوە.. جیاکرانەوەی ئەم دوو منداڵە هەر لە کە لە دایک دەبن بەیەکەوە دەبن و جەستەیان تێکەڵە لە ( سینگ- گورچیلە- کۆم- بەشی خوارەوەی جەستەیان)..
ئەمەو بە سەرکەوتوویی نەشتەرگەییان بۆ ئەم دوو منداڵە ئەنجامدا و دوای (٦٠) کاتژمێر منداڵەکان دێنەوە هۆش خۆیان ئەوەش مانای سەرکەوتوویی نەشتەرگەییەکە دەدات..

## وێنەیەکی سەیری سرووشت




ئەم وێنییەیە راستەقینەیە و بە هۆی دارمانی چیای نزیک دەریا ، کە لە دەریاچەی (بیرمانین)ە، بۆتە سەیرترین وێنەی جیهان و کە وێنەیکی لێوە دروست بووە کەسیش نازانیت لە چۆنیەتی درووستبوونی ئەم شێوەیە..
کە لە وێنەکەدا وێنەی( ئافرت و منداڵەکە) لە شێوەی پارانەوەیە، کە وێنەی نیوەی مرۆڤێکە و بەڵام نیوەکەی دیکەی لە ناو ئاوەکە دەردەکەوێت، ئەم وێنەیە لە کاتێکی تایبەت لە وەرزەکانی ساڵ گیراوە و ئەگینا لە هەموو کاتێک دەرناکەوێت، ئەگەر بەشێوەیەکی پانی سەیری بکەی تەنیا چیا دیارە بەڵام ئەگەر بە درێژی سەیری بکەیت، وێنەی مرۆڤێکە و دەستی لە پێشەوەی خۆیەتی و وەک چۆن داوای لێبوردن یان پارانەوە بکات..



### ٣/٢١-٤/١٩ (کاوڕ)

ئەوەندە دەمارگیر مەبە و هەست بە پێویستی کەسی دیکە بکە، ئەو ئەنجامانەی بۆت گەڕاوەتەوە لێیان دڵتەنگ مەبە و لەگەڵ ئەو کەسە ڕێکبکەون بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی نێوانتان، بۆیە داواکاری لەکەس مەکە و پابەندبە بە کارەکانی خۆت و ئەو کەسەش تۆی زۆر لە دڵە، لە دوودڵی دوور بە.



### ٤/٢٠-٥/٢٠ (گا)

وەکو کەسی بەرامبەرت ڕەفتار مەکە و چونکە تۆ زەرەر دەکەیت، دەربارەی ئەو کەسە لێ دڵنیا مەبە و بزانە مەبەستی چییە لە داواکارییە تایبەتیەکان. زیاتریش کراوەییت پێوە دیارە و گرنگی بە هەستەکانت بدە و ڕێگەش بە کەس مەدە نهێنییەکانت ئاشکرا بکات، ڕێگەیەکی چاکت کردووە لە کارەکانت.



### ٥/٢١-٦/٢٠ (دووانە)

لەلایەن کەسێکەوە چەند قسەیەکی توندت پێدەگات و بەڵام دەبێت لەگەڵێدا بگونجێت، ئەوەی بۆت گەڕاوەتەوە لێ مەترسە و گرنگی بە کارە تایبەتیەکانت بدە. کارێکی گرنگت پێدەسپێردێت و بۆیە لێوەی دوودڵ مەبە، چەند گرفتێک بۆت پەیدا دەبێت و گرنگی بە ئەرکەکانی خۆت بدە.



### ٦/٢١-٧/٢٢ (قرژاڵ)

راستگۆییت ئەنجامەکانی بۆت دیارکەوتووە و بە شێوەیەکی باش بۆت گەڕاوەتەوە، بواری پەیوەندییەکانت بەرەو باشی چووە و ڕێگەیەکی چاکت گرتووە لە گرنگیدانت بە بوارەکانی تایبەتیەکانت، ئەو ئاواتەی لە دڵتە بۆت جێبەجی دەبێت و لە ماوەیەکی نزیکدا کەسێکی تازە دەناسیت..



### ٧/٢٣- ٨/٢٢ (شێر)

بواری سۆزداریت بەرەو باشبوون دەچێت و جێگەیەکی چاکت گرتووە لە بواری کەسایەتیت مەهێڵە لە ژیانت بشدار بن و کارەکانت لێتێکبدەن، گەورەییت پێوە دیاربێت و نهێنییەکانت بۆ کەس باس مەکە، لەگەڵ کەسانی ماڵەوەت بەرەو گەشتێکی بچووک دەچن و بۆت خۆش دەبێت..



### ٨/٢٣- ٩/٢٢ (گوڵە گەنم)

لە کاتێکی چاکدا ئەو کەسە کارەکانت بۆ جێبەجێ دەکات، تۆش بزانە کە ئەو کەسە دەیەوێت یارمەتیت بدات، لە ململانێ نێوان خۆت و هاوڕێکانت دوور بکەوە و شێوازێکی باشت گرتووە لە کەسایەتیت، لە دڵەوە کارێکی باشت کردووە کە لەگەڵ کەسێکی نزیکت گرفتت دەبێت..



### ٩/٢٣-١٠/٢٢ (تەرازوو)

بۆ ئەوانەی هەستت بۆیان کراوەتەوە دەیانەوێت لێت نزیکتر بن و بەڵام چاکترە ئاگاداری خۆت بیت، کەسێک رقی لێتە و دەیەوێت کێشەت بۆ درووست بکات، لە بواری کارەکانت کاری باش دەکەیت و بەڵام ماوەیەکە تووشی دڵتەنگی بویت و هەست بە گەورەیی خۆت بکە کە باش دەبیت..



### ١٠/٢٣- ١١/٢١ (دووپشک)

خۆت بە کاری کەسی دیکە مەبەستەوە و ئەوەی بۆت باسی دەکەن راست نییە و باوەڕ بە کەسێک مەکە، کە دەیەوێت باسی کەسێکە دیکە بکات لەلات، ئەم ماوەیە بەرەو چەند ناخۆشیەک ڕێگەت گرتووە و بۆ کاتێکی دیکە خۆت ئامادە بکە چونکە کەسێک دەیەوێت بێتە ناو ژیانت..



### ١١/٢٢-١٢/٢١ (کەوان)

یارمەتیدانی کەسانی دیکە زیاتر پەیوەندیکانت بەرەو باشی دەبات، ماوەیەکە کاری چاک ئەنجام دەدەیت و ئەمەش دەبێتە خۆشی بۆت، لە بواری سۆزەوە لە کاتێکی ناخۆشی و ئەمەش هۆی نەگونجاندنتە لەگەڵ ئەو کەسەی لە دڵتە، بتوانە داهاتووت دیاری بکەیت و شێوازی ڕەفتارت بگۆڕە..



### ١٢/٢٢- ١/١٩ (گیسک)

کارێکی ئەنجامداوە کە لە هەڵە سۆزدارییەکانت چارەسەر کرد، ئەمەش بۆ داهاتووی تۆ و ئەو کەسە باشتر دەبیت، کاتەکانت دیاری بکە و ئەم ماوەیە متمانەت بە خۆت نەماوە تاوەکو لە داهاتووت باش بیت، چەند کارێکی تایبەتی خۆت لە بیرچووە و بتوانە زیرەکانە بجوڵێتەوە چونکە چاودێریت لەسەرە.



### ١/٢٠-٢/١٨ (گۆزە)

هێز و تواناکانت بپارێزە و چونکە ئەم ماوەیە تووشی کارێکی سەخت دەبیت، ئەوەندەش هێمنیت پێوە دیارە کەوا لەسەر هەنگاوەکانت بە هێواشی بڕۆیت، ئەو کەسەی لە دڵتە بەم دواییە لەگەڵت خراپ بووە و بۆیە چاوەڕێ بکە لەسەر ئەوەی کە پەشیمان بیێتەوە و تکای لێ مەکە کە باش بێت بۆت.



### ٢/١٩- ٣/٢٠ (نەهەنگ)

دەستبەرداری هەنگاوەکانت مەبە لەسەر ئەو کێشە بچووکەی بۆیان ناوەتەوە، هەست بە بێزاری مەکە و لە دڵەوە گرنگی بەو کەسە بدە کە دەیەوێت خۆشیت بۆ درووست بکات، لە بواری کارەکانی ماڵەوە خۆت پشتگوێ مەخە و شێوازی چارەسەت بۆ گرفتەکانت بگۆڕە و داهاتووت باش دەبێت.

ئامادەکردنی /ئیوان گەردی
iwan_gardi@yahoo.com